نێچیرڤان بارزانی پێرۆزبایی لە کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دەکات

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم پێرۆزبایی لە کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دەکات.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیەتی:-

لە یادی دامەزراندنی کۆمەڵی دادگەریی کوردستاندا، پێرۆزبایی لە بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵ و تەواوی سەرکردایەتی و ئەندامان و جەماوەری کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دەکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

لەم یادەدا جەخت لە گرنگیی ڕۆڵی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەپێناو یەکێیزی و تەبایی و کاری پێکەوەیی لەنێوان هەموو لایەنەکاندا دەکەمەوە و لەمبارەیەوە ئامادەیی و ڕۆڵی بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر و کۆمەڵ بەرز دەنرخێنم.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان